

# خنكاو
# (تاریک وەک هیچ شەوێک نا)

ئازا یووسف

ژوور تاریک، بە ترس لە خەوە هەڵسا، لە بیری ئەوە نییە کە ڕادیۆکەی نەکوژاندووەتەوە، موزیکی هەواڵەکان بە ئاگای هێنا، بە دەستی چەپی، دەستەکەی تری هەڵگرت و بە هێواشی بۆ لای ڕادیۆکەی برد.

دەستی بەر گۆڕینی شەپۆلەکە کەوت.

خش خششششش، پاش چەند چرکەیەک کوژاندییەوە، سەعاتەکەی دەستی کە ڕووناکی مابووەوە، لە بەختی ئەو ئیش دەکات، ژوورێکی خنکاو قاچی چەپی ئەوەندە قورس، ناتوانێ بیچەمێنێتەوە، جیرەی سیسەمەکەیش تەواو بێزاری کردووە، تفێک بە ڕووی زەوی دەکات و نیوەی لە دەمی بە شێوەی درێژ بە کراسەکەیەوە دەنووسێ، هەموو هەوڵێک دەدات هەڵسێ.

تەق تەق لە دەرگا درا.

بە دەنگێکی قورس و هاوارێک:

– کێیە لە دەرگا دەدا؟

– کێیە

هیچ وەڵامێک نییە ڕەنگە لە زاکیرەی مابێتەوە

– کێیە؟

هەوڵ دەدات لایتەکە بدۆزێتەوە، قورس هەڵدەستێتەوە.

لە سەری سەرەوەی دۆلابەکە دەستی درێژ دەکات، لەو سەر بۆ ئەو سەر دەیبات، دەستی بەر دوو نەرمایی دەکەوێت دەفلیقێتەوە.

ئیاااااق بۆنێکی پیس بڵاودەبێتەوە، ئەو هێشتا نازانێ چییە، دەستی بۆ لای کەپووی دێنێ، بۆنێک لە پەتاتەی تێکچوو دەچێت، بە بێجامە خەتخەتەکەی دەیسڕێتەوە، بۆنەکە هێواش هێواش زۆر دەبێت و دەچێتەوە سەر سیسەمەکەی، سەری بۆ ژێرەوەی سیسەمەکە نەوی دەکات، لایتێک بە ڕووناکییەکی زۆر کز دیارە، سەری بەرزدەکاتەوە، دوو هەنگاو بۆ لای دیوار، دوو جار پلاکەکان پێ دەکات، کارەبا نییە.

لە نێو کۆمەدینەکەی لای چەپی دەمانچەیەک دەردێنێ، بە ڕووی خۆی چەندان جار بۆ لای سەری دێنێ، پەنجەی شەهادەی لەسەر پلی دەمانچەکەیە و چاوەکانی دادەخات و دەیگەڕێنێتەوە.

ئەوەندە نەبێت دەمانچەکە فڕێ دەدات و وەک ئەوەی لە بیری ئەوە نەبێت سەیری سەعاتەکەی کردبێ کە چەندە، کات دوو و سێ دەقەیە، هەوڵی لایتەکە دەدات، بڕێ جار هاوارێکی لێ هەڵدەستێ، لەبەر ئێشی قاچەکانی، دەستی دەگەیەنێتە لایتەکە و بەرەو ڕووی دەرگاکە دەچێت، دەیکاتەوە سەر بۆ هەر دوو لای دەبات، دەنگێک ناوە ناوە لە شێوە دەنگی هیدفۆن دێت بەرزدەبێتەوە و ناوە ناوەیش نزم، بەرەو سیسەمەکە دێتەوە.

لەسەر سیسەمەکە درێژ دەبێت، سەیری کەلێنی دیوار دەکات، بێجگە لە ڕەشاتی نێو سپی دیوارەکان چیتر نییە.

لەپڕ مقەوایەکی سەر دۆڵابەکە بەردەبێتەوە.. ڕادەچڵەکێ، بە هێواشی بۆ لای پەنجەرەکە دەچێت و قاچی دەکەوێتە سەر دەمانچەکە، لایتەکە لە ئەرز دەدات و کزە ڕووناکاییەکە دەچێتە سەر دەسکی دەمانچەکە، دەچەمێتەوە و دەمانچەکە هەڵدەگرێتەوە.

هەرجارەو بە شێوەیەک بۆ دەموچاوی دەبات، بۆ ناو دەم، بۆ مێشک بۆ تەختی سەری بۆ.. بۆ.. بۆ.. و پلی پێوە دەنێ و زەردەخەنە و تااااااق

دوای دوو ڕۆژ تەرمێک دەگوێزرێتەوە پزیشکی دادوەری.

پیاوێک لە ژوورەکەی خۆی بە یەک فیشەک کوژراوە، تەنیا یەک فیشەک.

چیرۆکێک دەبوو چوار ساڵ بەر لە ئێستا بنووسرایە کە نەنووسرا.